# ڕوونکردنەوەی مافەکانت

ئەگەر تۆ **بەند کراویت** و دەبێ وەکوو
کەسێکی بەرگومان پرسیارت لێ بکرێت

## بەرلە دەستپێکردنی دیمانە لەگەڵ تۆ پێویستە لەبارەی چ مافگەلێک زانیاریت پێ بدرێت؟

### 1. مافی ڕاوێژکاریی نهێنی لەگەڵ پارێزەرێک و وەرگرتنی یارمەتیی یاسایی لەماوەی دیمانە دا

A. پارێزەر

– دەتوانیت داوا بکەیت لەگەڵ پارێزەرێک کە خۆت دەتەوێت پەیوەندی بکرێت.
– ئەگەر خۆت پارێزەرت نیە یان پارێزەرەکەت ناتوانێت ئامادە ببێت، دەتوانیت داوا بکەیت کە لەگەڵ یەکێک لە پارێزەرانی خۆرایی لە ئەنجومەنی پارێزەران پەیوەندی بکەن.
– ئەگەر پابەند بیت بە هەندێ مەرجی یاسایی، هەموو یان بەشێک لەم یارمەتیە داراییە بە خۆڕایی بۆ تۆ دابین دەکرێت. دەتوانیت داوای ئەو فۆرمە بکەیت کە مەرجەکانی وەرگرتنی یارمەتیی یاسایی تێدا نووسراوە.

B. بەرلە ڕاوێژکاریی نهێنی

– بەرلە دیمانەی داهاتوو - و لە ماوەی 2 کاتژمیر دوای ئەوەی کە لەگەڵ پارێزەری خۆڕایی لە ئەنجومەنی پارێزەران قسەت کرد - مافی ئەوەت هەیە کە بۆ ماوەی سی خولەک لەگەڵ پارێزەرەکەت ڕاوێژی نهێنی بکەیت، و لە هەندێ حاڵەتی ئاوارتە دا دیمانەکەر دەتوانێت ئەم ماوەیە درێژ بکاتەوە.
– دەکرێت ئەم ڕاوێژکاریە بە شێوازی تەلەفۆنی یان لە هەمان شوێنی دیمانە بکرێت.

C. یارمەتیی یاسایی لە ماوەی دیمانە دا

– تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لە دیمانەکان دا لە پارێزەرەکەت یارمەتی وەربگریت. لێپرسینەوەکە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەت دەست پێناکات.

– پارێزەرەکەت دڵنیایی دەکات لە ئەم بابەتانەی خوارەوە:
  - مافی تۆ بۆ بێدەنگمان و خۆ بە تاوانبار نەزانین ڕێزی لێ دەگیردرێت.
  - شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ تۆ لە ماوەی دیمانە، و ئەوەی کە ئایا لە ژێر فشاری نەگونجاو دا یت یان نە؛
  - ئەوەی کە مافەکانت ڕوون دەکرێنەوە بۆت و دیمانەکان بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچن.

ئەگەر پارێزەرەکەت لەسەر ئەم بابەتانە تێبینی هەبێت، دەتوانێت داوا بکات دەستبەجێ لەنێو بەیاننامەی دیمانەی پۆلیس دا تۆمار بکرێن.
ڕەنگە پارێزەرەکەت داوا بکات کە لێکۆڵینەوە یان پرسوجۆیەکی تایبەت بکرێت یان لەگەڵ کەسێکی تایبەت دیمانە بکرێت. ڕەنگە ئەو داوای ڕوونکردنەوە بکات سەبارەت بە ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن. ڕەنگە ئەو هەندێ تێبینی و بۆچوون سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و دیمانە دەرببڕێت. ئەو ڕێگەی پێ نادرێت بەجێگەی تۆ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە یان ڕێگە بگرێت لە ئەنجامدانی دیمانە.

– تۆ یان پارێزەرەکەت مافی ئەوەتان هەیە تەنها یەک جار داوای هەڵسپاردنی دیمانەکە بکەن بۆ ئەنجامدانی ڕاوێژی نهێنیی زیاتر. ئەگەر لە ماوەی دیمانە دا شتی نوێ یان تاوانی نوێ دەرکەوێت، دیسان ڕێگەت پێ دەدرێت کە ڕاوێژێکی نهێنی لەگەڵ پارێزەرەکەت بکەیت. ئەم ڕاوێژکردنە نابێت زۆرتر لە 15 خولەک بخایەنێت.

D. چاوپۆشی لە ماف

تۆ ناچار نیت کە داوای ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەر بکەیت یان داوای وەرگرتنی یارمەتی لە پارێزەر بکەیت.

دەتوانیت بە ویستی خۆت و دوای بیرکردنەوەی پێویست چاوپۆشی بکەیت لە بەکارهێنانی ئەم مافەت، ئەگەر:
- تۆ لە تەمەنی یاسایی دا بیت؛
- دوای ئەوەی کە تۆ بەڵگەیەکت بۆ ئەم مەبەستە واژۆ کرد و ڕێکەوتی واژۆکردنت لەسەر نووسی.
- ئەگەر بکرێت، ڕەنگە لە دیمانەکە فیلم بگیردرێت. دەتوانیت سەبارەت بە ئەمە لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت.

سەبارەت بە ئەم بابەتانە، دەتوانی لەڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ یەکێک لە پارێزەرانی خۆڕایی لە ئەنجومەنی پارێزەراق قسە بکەیت.

E. بێبەشکردن لە ماف

لە هەندێ بارودۆخی ئاوارتە دا و ئەگەر هۆکاری ڕازیکەر هەبێت، ڕەنگە داواکاری گشتی یان دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیار بدات کە مافی ئەوەت پێ نەدات کە بەرلە دیمانە ڕاوێژی نهێنی بکەیت یان لە ماوەی دیمانە دا لە پارێزەرێک یارمەتی وەربگریت. پێویستە ئەو هۆکاری ئەم بڕیارە بە تۆ بڵێت.

## 2. ڕاگەیاندنی کورتەیەک لەبارەی تاوانەکان

- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە زانیاریت پێ بدرێت لەبارەی ئەو تاوانانەی کە لەسەریان لەگەڵت دیامنە دەکرێت.

## 3. مافی بێدەنگ مانەوە

- لە هیچ قۆناخ و کاتێک دا کەس ناتوانێت تۆ ناچار بکات کە خۆت بە تاوانبار بزانیت.
- دوای ئەوەی کە تۆ ناسنامەی خۆت ڕاگەیاند، دەتوانیت بڕیار بدەیت کە ئیفادەیەک پێشکەش بکەیت، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە کە دەکرێن یان بێدەنگ بمێنیتەوە.

## 4. ئاگادارکردنەوەی کەسێک لەوەی کە دەستگیر کراویت

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لایەنێکی سێیەم ئاگادار بکەیتەوە لەوەی کە دەستگیر کراویت.

بەڵام، ڕەنگە بەپێی هەلومەرجی گونجاو داواکاری گشتی یان دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیار بدات کە ئەمە دوا بخات هەتا هەر کاتێک کە بۆ لێکۆڵینەوە بەسوود بێت.

## 5. یارمەتیی پزیشکی

- تۆ مافت هەیە کە لە کاتی پێویست یارمەتیی پزیشکیی خۆڕایی وەربگریت.
- دەتوانیت داوا بکەیت پزیشکێک کە خۆت دیاری دەکەیت پشکنینت بۆ بکات. ئەگەر داوا بکەیت، تێچوو و خەرجەکانی لە پای خۆت دەبێت.

## 6. یارمەتیی وەرگێڕی زارەکی و مافی وەرگێڕان

- ئەگەر لە زمانەکە تێناگەیت یان ناتوانیت قسە بکەیت، ئەوا مافی وەرگرتنی یارمەتی لە وەرگێڕی سوێنددراوت هەیە لە کاتی:
  - ڕاوێژکاری نهێنی لەگەڵ پارێزەرەکەت (ئەگەر پارێزەرەکەت لە زمانەکەت تێنەگات یان قسەی پێ نەکات).
  - لێپرسینەوە.
  
  ئەم هاوکارییە بێ بەرامبەرە.
- ئەگەر نەتوانیت لە زمانی پرۆسەی یاسایی تێبگەیت، ئەوا مافی ئەوەت هەیە کە بڕگە پەیوەندیدارەکانی فەرمانی دەستگیرکردن و بانگهێشتنامە و بڕیاری دادگای بۆ وەربگێڕدرێت بە زمانێک کە دەتوانیت لێی تێبگەیت. ئەم تەرجومە بەخۆڕایی بۆ تۆ دابین دەکرێت.
- لەوانەیە داوات لێبکرێت ئیفادەکەت بە زمانی خۆت بنوسیت.

## له ماوەی دیمانە دا تۆ چ مافگەلێکی ترت دەبێت؟

### 7. مافەکانی تر لە ماوەی دیمانە دا

دیمانە خۆی بە چەند دانە نامە و پەیوەندی دەست پێ دەکرێت. جیا لە دووبارە ڕاگەیاندنی کورتەیەک لەبارەی تاوانەکان و مافی تۆ بۆ بێدەنگمان، تۆ ئاگادار دەکرێیتەوە کە:

- دەتوانیت داوا بکەیت هەموو ئەو پرسیارانە کە لێت کراون و هەموو ئەو وەڵامانەی کە تۆ داوتەتەوە ڕێکە بەو شێوەی کە وتووتە تۆمار بکرێن؛
- تۆ دەتوانیت داوا بکەیت کە لێکۆڵینەوە یان پرسوجۆیەکی تایبەت بکرێت یان لەگەڵ کەسێکی تایبەت دیمانە بکرێت؛
- ئەو ئیفادانەی کە داوتە وەکوو بەڵگە لە بەردەم دادگا بە کار بهێنرێن.
- لە ماوەی دیمانە دا، دەتوانیت ئەو بەڵگەنامانە بە کار بهێنیت کە لای خۆتن، تا ڕادەیەک کە نەبێتە هۆی دواکەوتنی دیمانەکە. تۆ دەتوانیت، لە ماوەی دیمانە یان دوای دیمانە، داوا بکەیت ئەم بەڵگەنامانە بخرێنە سەر ئیفادەی دیمانەی پۆلیس یان بدرێن بە تۆمارگەی دادگا.

### 8. فیلمگرتن لە دیمانە

- ئەگەر بکرێت، ڕەنگە لە دیمانەکە فیلم بگیردرێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی دیمانە چاودێری بکرێن.
- دیمانەکەر، داواکاری گشتی یان دادوەری لێکۆڵینەوە لەمبارەوە بڕیار دەدات.

### 9. لە کۆتایی دیمانە دا

لە کۆتایی دیمانە دا، تێکستی دیمانەکەت پێ دەدرێت کە بیخوێنیتەوە.

هەروەها دەتوانیت داوا بکەیت کە بیخوێننەوە بۆت. پرسیارت لێ دەکرێت کە ئایا شتێک هەیە کە لە ئیفادەکەت دا بیگۆڕیت یان زیادی بکەیت.

# ڕوونکردنەوەی مافەکانت

دەبێ وەکوو

ئەگەر تۆ **بەند کراویت** و

کەسێکی بەرگومان پرسیارت لێ

بکرێت

## چ ماوەیەک دەتوانن تۆ دەستبەسەر ڕابگرن.

### 1. ئاساییانە 48 کاتژمێر

نابێت زۆرتر لە 48 کاتژمێر دەستبەسەر ڕاتبگرن.

### 2. دادوەری لێکۆڵینەوە

- لە ماوەی 48 کاتژمێر یان ئازاد دەکرێیت یان دەبرێیت بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوە. دووەمی بڕیار دەدات کە ئایا تۆ بە دەستبەسەرکراوی بمێنیتەوە یان نە و ئایا فەرمانی دەستگیرکردنی دەربکرێت یان نە.

- دادوەری لێکۆڵینەوە بەرپرسیارە کە سەرەتا سەبارەت بە بابەتەکە گوێ لە تۆ بگرێت. لە ماوەی ئەم دیمانە دا، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەرێک یارمەتیت بدات. دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێ گوێ لە تێبینیەکانی تۆ یان تێبینیەکانی پارێزەرەکەت بگرێت سەبارەت بە ئەو ڕاستیەکی کە ڕەنگە فەرمانی دەستگیرکردنی تۆ دەربکرێت.

تەنها لە حاڵەتێک دا کە لە تەمەنی یاسایی دا بیت دەتوانیت بڕیار بدەیت کە لە پارێزەر یارمەتی وەرنەگریت.

- ئەگەر دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی دەستگیرکردنی تۆ دەربکات، ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە:
    - تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بێسنوور لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت.
    - لەماوەی پێنج ڕۆژ دوای دەرکرانی فەرمانی دەستگیرکردن تۆ لە بەردەم ژوری ڕاگەیاندنی دەستبەسەرکردن ئامادە دەبیت، و لەوێ دەتوانیت دژی دەستگیرکردنت و ئەوەی کە تا کاتی دادگاییکردن دەستبەسەر دەکرێیت نارەزایەتی دەربڕیت.
    - ڕۆژی بەرلەوەی کە ژووری ڕاگەیاندنی دەستبەسەرکردن یان ژووری ڕاگەیاندنی تاوانباری گوێ لە تۆ بگرێت، ڕێگەت پێ دەدرێت کە فایلی کەیسەکەت بخوێنیتەوە.
    - ئەگەر ناتوانیت قسە بکەیت یان تێناگەیت لەو زمانەی کە بۆ پرۆسەی دادگاییکردن بە کار دەهێنرێت، دەتوانیت داوای تەرجومەی (نووسراو)ی ئەو تێکستانە بکەیت کە پەیوەندییان بە فەرمانی دەستگیرکردنەوە هەیە، مەگەر فەرمانی دەستگیرکردن بە شێوەی زارەکی تەرجومە کرابێتەوە بۆت. ئەم تەرجومە بەخۆڕایی بۆ تۆ دابین دەکرێت.
    - پارێزەری تۆ دەتوانێت لەبارەی ڕووداوەکانی داهاتووی پرۆسەکە وردەکاریی زیاترت پێ بدات.
    - ئەگەر تۆ هاووڵاتیی بەلژیکا نەبیت، دەتوانیت بەپرسانی کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەت ئاگادار بکەیتەوە لە دەستگیرکرانت.

**تۆ دەتوانیت ئەم ڕوونکردنەوەی مافەکانت لای خۆت هەڵبگریت.**